مالْپەری هەڵەبجە بۆ خوپیشاندانەکانی هەڵەبجە ناتوانێت بگوازێتەوە ؟!!

ڕەنگە ئەمە پرسیارێك بێت لەیەکەم ڕۆژی سەرهەڵدانی خۆپیشاندانەکانی شاری هەڵەبجە خوێنەرانی مالْپەرەکەمان لایان دروست بوبێت وە گۆمانێکیشیان لادروست بوبێت تایبەت بەوەی کە لەکاتێکدا تۆ مالْپەرێکی ناو شاری هەڵەبجە بیت نەتوانیت گواستنەوەی هەواڵی ئەو شارە وەك وینەیەکی بەڵگەیی و بەبێ هیچ مەرامێك بڵاو بکەیتەوە گرفت چی یە؟.
ئەمە کە بوبێتە پرسیار بیگومان چەند ئیمایل و کۆمینت و نامەشمان بەدەست گەشتوە ئەم پرسیارەمان ئاراستە کراوە بەڵام پێمان باش بوو ئیمە وەڵامدانەوەکەمان کەمێك پاش بخەین بۆ ئەوەی بەڵکو شاری هەڵەبجە هیچ جۆرە کارێکی توندو تیژی بەخۆیەوە نەبیت  ئیمە دواتر وەڵامێکی تەواومان بۆ خۆپیشاندان و دەسەلات و خوێنەر دەبیت .
ئێستا کەدەبینین بارودۆخەکە بەشێوەیەکی تر خوێندنەوەی بۆ دەکرێت پێوستمان بەوە هەیە ئەم ڕونکردنەوەیە بڵاو بکەینەوە کە بریتی یە لەمەی خوارەوە .
بەڕێزان وەك هەموو لایەك ئاگادارە مالْپەری ( هەڵەبجە ئینفۆ ) مالْپەرێکی سەربەخۆ و قازانج نەویستەوە ئامادەنەبوە لەهیچ سات و کاتێکدا لایەنگری بۆ هیچ گروپ و دەستە و کۆمەڵێك بکات ، بەڵگەی تەواومان ئەنجامدانی ئەو هەڵبژاردنانەی کوردستانە کە زۆرترین مالْپەر و رۆژنامەی بەناو سەربەخۆ چۆن نەیانتوانیت بێ لایەنی خۆیا ڕاگرن و لەدەستیان دا ، بەڵام جیگای خۆشحاڵی یە بۆ ئیمە نەبووینە سەکۆیەك بۆ سەرکەوتنی هیچ لیستێك و شوێنیك بۆ بانگەشەکردن و مزایەدەکردن .
مالْپەری (هەڵەبجە ئینفۆ ) لەسەر ئەرکی و ماندووبونی چەند لاوێکی ناو شاری هەڵەبجە و دەرەوەی کوردستان و (هاوری سامان حەمە فەرەج )لە المانیا

بەڕێوەدەچێت مەبەستی سەرەکیش لەم ماڵپەرە دەرخستنی جوانی و راستی یەکانی شاری هەڵەبجەیە وەك خۆی و کۆکردنەوەی سەرجەم نوسەران و خوێنەرانی شاری هەڵەبجە و کەسایەتی و خەمخۆرانی هەڵەبجە و دڵسۆزانی شارەکەیە لەماڵپەرێکی لەم شێوەیە ، بۆ ئەوەی لەهەرکات و ساتێکدا هەڵەبجە پێوستی یەکی هەبوو بەهەمووکانەوە بتوانین کۆدەنگی بین لەسەری کاری جوانی بۆ ئەنجام بدەین ، جا ئەو کارە هەوڵدان بیت بۆ ناساندنی جوانیەکانی شاری بەدەرەوەی شاری هەڵەبجە یاخوود ناساندنی جینۆسایدی هەڵەبجە بیت لەجیهان بەسەرجەم خوێنەران و بینەرانی ماڵپەر ،وە یاخود نمایشکردنی ئەو هەموو جوانیەی ئیستا لەناو کچان وکورانی شاردایە بۆ تەواوی ئەوانەی پێیان وایە هەڵەبجە لەپاش 88 جوانیەکانی ونکردووە .

پێمان وایە چەند ساڵێك کارکردنمان لەم شارەیەدا و لەسەر ماڵپەری هەڵەبجە کۆمەڵێك دەست کەوتی جوانمان هەیە بۆیە لیرە نامانەوێت سەرجەم دەستکەوتەکانی ئەم ماڵپەرە بنوسین تەنها وەك کورتەیەك پیمان باش بوو ئەو چەند دیرەی سەرەوە لەسەر خۆمان بڵێین .

بەڕێزان لیرە دێمە سەر ناوەرۆکی بابەت و مەبەستی نوسینی ئەم بابەتەمان کە ئەوەیە (ماڵپەری هەڵەبجە بۆ خوپیشاندانەکانی هەڵەبجە ناتوانێت بگوازێتەوە ؟!!) وەك لای هەمووان روون و ئاشکرایەڕاگەیاندکار کاتێك کە بیەوێت زۆر بێ لایەنانە هەواڵێك بگوازیتەوە دەبێت لەنزیکترین شوێنی روداوەکە ئامادەی هەبیت و راستگۆ بیت لە بڵاو کردنەوەی ئەو هەواڵە ،ئیمە بەرنامەیەکی کارمان هەیە هەر شتێك بڵاو بکەینەوە کە بچێتە خانەی راپۆرت دەبیت چەند کەسێك لەو راپۆرتە کە قسەدەکەن بەدەنگی ووتەکانیمان لابیت بۆ ئەوەی راستگۆی خۆمان لەدەست نەدەین یان ئەبیت هیچ نا وینەیەکی راستی ئەو روداوەمان لابیت کە سەلمێنەری راستی بیت ،

خۆپیشاندان مافی دیموکراسی هەرتاکێکە کە پێوستە ممارەسەی ئەم مافەی خۆی بکات وە داواکاریەکانی بەشیوەیەکی بەرنامە بۆ داریژراو پێش کەشی لایەنی پەیوەندی دار بەخۆپیشاندانەکە بکات ، هەڵەبجەی شەهید بی بەش نەبوو لەسەرجەم ئەو خۆپیشاندانانەی ئەمڕۆ لەکوردستان ئەنجام دەدرێت بەڵکو شێوازێکی جیاوازی بەخۆیەوە دیوەڕەنگە هەرکەس و لایەنێك خوێندنەوەی خۆی بۆ ئەوە هەبیت ، لەیەکەم ساتەوەختی سەرهەڵدانی خۆپیشاندان لەشاری هەڵەبجە لە 22-2-2011 سەرپەرشتیارمان لەماڵپەری هەڵەبجە ( سەلاح جەمیل ) بۆ گواستنەوە هەواڵەکان روو لەناو خۆپیشاندەران دەکات بۆ ئەوەی بتوانیت راستی هەواڵەکان بگوازێتەوە بەڵام بەداخەوە بە شاهیدی چەند کەسانێك کە نزیك بوون لە ( سەلاح جەمیل ) لەلایەن خۆپیشاندەرێکەوە پەلامار دەدرێت ڕوبەڕوی دەبنەوەبە پارچە بلۆك گوایە ئەگەر ئەو وینانە ئەیگرێت بۆ لایەنێکی دیاری کراوبیت خراپی بەسەر دێنن ، ( سەلاح جەمیل ) بەردەوام تیان دەگەیەنیت کەمەبە ستی ئەم وەك ماڵپەری هەڵەبجە گواستنەوەی راستی یە نەك شتی تر بەڵاو ئەوان پیان باش نابیت کەڕێگەی پی بدەن کاربکات لەناویان ،بۆیە دەست بەجێ مەیدانەکە جیدەهێڵێت .پاشتر لەڕێگەی چەند کەسانێکی دڵسۆز ئاگادار دەکرێتەوە کە لەناو

خۆپیشاندەران مەرامێك هەیە تكایە ئاگاداری خۆی بێت ، وە لەسەروو بەندی چەندین خۆپیشاندان لەترسی گیانی خۆی و نەیتوانیوە نزیك بیتەوە هەواڵەكان بگوازیتەوە ، ئیمە لەماڵپەری هەڵەبجە بەوێنە كەسی پەلامارد‌ەری ( سەلاح جەمیل ) لایە كە چی بەدەستە وەیە و ئاراستەكەشی كوی یە ، بۆ دەبیت ماڵپەرێك بكاتە ئامانج لەسەری ئەو هەموو راگەیاندنانەدا .
ئێمە لەماڵپەری هەڵەبجەوەڕای دەگەیەنین كە هیچ كات كەس ناتوانیت بیدەنگمان بكات و ڕێگریمان لی بكات لەگواستنەوەی راستی یەكان بەڵام دەست گرتن بەسەلامەتی رۆحی هاوكارمان ئەركی سەرشانمانە نامانەویت هیچ كەسێك كەلەگەڵ ئیمەدا كاردەكات توشی گرفت و زیان ببیتەوە .
لەگەڵ ریزمان بۆ هەموو لایەك .

دەستەی سەرپەرشتیاری ماڵپەری هەڵەبجە

www.halabja.info